# لە پەنجەرەی ژوورەکەما





ئارام یاسین

# لە پەنجەرەی ژوورەکەما

ئارام یاسین

٢٠٠٩

ناوی کتێب: له پەنجەرەی ژوورەکەما

بابەت: شیعر

نووسەر: ئارام یاسین

دەرهێنانی هونەری و بەرگ:

تایپ: ئارام یاسین

چاپخانە: ............................

چاپی یەکەم–

لەکتێبخانەی ....... ژمارەی سپاردنی(    ) ساڵی(      ) دراوەتی

پێشکەشە بەو کەسەی کەوا:

**لە ژیانما گشت خەونم بوو**

**لە خەونیشم گشت ژیانم بوو**

# ١

گیانە ئەمڕۆ
لەگەڵ تۆدا هەنگاو دەنێم
لە تەنیایی خۆر دەترسم
وا هەست دەکەم
خۆر بە نیازە
دەستت بگرێ
ڕووەو عەرشی تەنیایی خۆی
ڕاتبکێشێ

## ٢

ئازیزەکەم

ئەو پایزە

لە لای منا بمێنەوە

بەحەسرەتم

لەکاتی گەڵا وەرینا

قژی خاوت

داببارێ

بەسەر رووما

٣

خۆشەویستم

لە رووخسار و قژی خاوت

وێنەی پایزێکی رووتت

لێ دەبینم

بۆیە ئێستا

من حەز دەکەم

پایز بێت سەرتاپای ژینم

٤

جارانی زوو

حەزم دەکرد

ئێواران پێش خۆر ئاوابوون

بە شنەبایێ

بۆنی گوڵ و رەیحانم بۆت بناردبایە

بەڵام ئێستا

بە حەسرەتم

لە شوێن گوڵ و رەیحان گیانە

دڵ و روحم

بۆت بنێرم

# ٥

ئازیزەکەم

شەوانە بە دیار پەنجەرەی

ژوورەکەتا رادەوەستم

زۆر حەز دەکەم

هەموو شەوێ

بەر لە نووستن

بۆ من هەڵێت

ئەو خۆرەی کە دەیپەرستم

## ٦

خۆشەویستم رەنگە ئێستا

واهەست بکەی

من خەوتووم و بیٚ ئاگام لیٚت

دەتۆ گیانە

بە چرپەییٚ ناوم بیٚنە

جا دەبینی

چۆن گڕدەگرم

وەك بروسك

بە نیٚو شووشەی پەنجەرەکەت

گوزەر دەکەم, دەگەمە لات

# ٧

ئازیزەکەم

من هێندە تۆم خۆشدەوێتن

رەنگم رەنگی

جوانی عشقی تۆی گرتووە

کە سەیری ئاوێنەش دەکەم

لە شوێن خۆما

سیمای جوانی تۆ دەبینم

# ٨

خۆشەویستم

ئێستاکە من بیرت دەکەم

باش دەزانم

ئێستاکە تۆش بیرم دەکەی

ئای چەند خۆشە

هەر ئێستا باڵبگرین

لە سەر لێوی

پەنجەرەکەی ژوورەکەی تۆدا

ئاوێتەی باوەشی یەکبین

# ٩

نیوە شەوە

خەوناکەویٚ لە چاوانم

وا پاڵکەوتووم

وێنەکانت وەحینە بۆم

دانە..دانە

لە ئاسمان بۆم

دێنە خواریٚ

١٠

یەکەم نیگات

هەرچی جوانی دنیا هەیە

پێمی بەخشی

تەنیام مەکە

تۆخوا گیانە

لە دوای تۆ مەحاڵە گوڵێ

جوانی مانای خۆی ببەخشێ

# ١١

هەوڵمەدە لێم دوورکەوی

دووریت

مەرگە

ئێشە

ژانە

ژیان بێ تۆ

دەریایەکی بێ کەنارە

# ١٢

دیاریەکانی تۆ لام ماون
شەوانە لەگەڵیان دەنووم
ئەوکاتانەی بیرت دەکەم
دەهێنەگۆ
فرمێسکی چاوانم دەسڕن

## ١٣

ئەمشەو ترسم هەیە بمرم
توخوا گیانە
ئەگەر مردم
سەر لە ژوورە تەنیاکەم دە
ئەو رازانەی دەرفەت نەبوو
کە بۆ تۆ بیان درکێنم
گشتیانم درکاندووە
بۆ پەنجەرەی ژوورەکەی خۆم

## ١٤

ئەی گیانەکەم
من گیرۆدەی جوانی و پاکی
عشقی تۆمە
لەم دنیایە
کەسێ نیە تەنیاتر بێ
لە خودی تۆ
کەسێ نیە تەنیاتر بێ
لە خودی من
ئێ خۆ گیانە باش دەزانین
تەنیای بەس بۆ خوا باشە

# ١٥

هەموو شەوێ

خەو بە جوانی تۆ دەبینم

دەڵێم دەبێ

یەزدانی پاك

بە قەد جوانی رووخساری تۆ

جوانی بەسەر کەسێکی تر

باراندبێ ؟

## ١٦

ئازیزەکەم

جوانی و شەرم و

بزە و خەندەکەی لێوانت

ئیلهامن بۆ ..

بۆ سەدان چارچە شیعری جوان

تەڕ و ناسك وەك لێوانت

## ١٧

نازەنینم

ئەو شەوانەی کە تەنیایی

پەستت دەکا

دڵتەنگ مەبە

من لەگەڵتام

هەموو شەوێ

بە دیار پەنجەرەی ژوورەکەت

بۆت دەسووتێم تا بەیانی

# ١٨

ئەو ساتانەی
مونتەزری دیداری تۆم
دنیایەك ووشەم لە ناخە
بۆت باس بکەم
کە دەتبینم
زمانم لە ئاستی تۆدا
ووشك دەبێ
بەس حەز دەکەم
گوێ راگرم
بۆ رازەکانی دڵی تۆ

# ١٩

هەموو شەوێ

بە دیار پەنجەرەی ژوورەکەت

ئێشك دەگرم

نەوەك شەوێ تریفەی مانگ

جوانی نیگای تۆ بدزێ

## ٢٠

ئازیزەکەم

من دڵنیام

بێ گومانم

دڵ و روحم

هەست و هۆشم تۆیان دەوێ

بەڵام گیانە

من چی بکەم!

ناتوانم بە تۆ بڵێم

## ٢١

هەناسەکەم
لە سادەیی و
لە جوانی تۆ
ئاسمانێکی پڕ ئەستێرە
بەدی دەکەم

## ٢٢

ئەو شەوانەی کە فرمێسك
بەسەر کوڵمەی سوورەکانت
دێتە خوارێ
بڕوابکە ئازیزەکەم
وەکو دوو رووباری تیزاب
بە نێو ناخما تێدەپەڕی

## ٢٣

دوێنێ شەو لە تاریکیدا
چرا نەبوو دایگرسێنم
کە سەیری ناخی خۆشم کرد
بۆت دەسووتام
چەشنی مۆمێ

## ٢٤

خۆشەویستم

زۆر دەمێکە

نەك تەنیا من

بەڵکو گیانە

تا پەنجەرەی ژوورەکەشم

چاوەڕێی دیدەنی تۆیە

# ٢٥

ئەو دوو ڕۆژەی

تۆم نەیدووە

بێ تاقەت و هەراسانم

بەر لەئێستا

من گوێم لێ بوو

پەنجەرەی ژوورەکانیشمان

لەم وەزعەیە

زۆر بێزار بوون

## ٢٦

ئەو شەوانەی
کە تەنیایی دامدەپۆشێ
گشت کورتە نامەکانی تۆ
یەکە
یەکە
دەخوێنمەوە تا بەیانی

## ٢٧

من زۆر جاران ئاگادارم
که له دەرەوە دێیتەوە
توخوا گیانه
ئەو کاتانەی که ناتبینم
تۆ دیتەوە
پەیامی خۆت
به پەنجەرەی ژوورەکەی من
راسپێره

## ٢٨

ئەمڕۆ گیانە

من حەز دەکەم تۆ ببینم

بەس تۆ بڵێ

بە دڵی تۆ رەفتار دەکەم

بەڵام گیانە

من دڵنیام چاوانم ئازارت دەدەن

من نازانم!

نازانم بۆ! !

چاوانم قەد تێر نابن لە

دیدەنی تۆ

# ٢٩

ئێستاکە دێم
بۆ جەژنی لە دایك بوونتا
چەپکە گوڵێکت بۆ دێنم
من و ئەو چەپکە گوڵەیە
زۆر تامەزرۆی دیدەنی تۆین
جا گیانەکەم خۆت بڕیاردە
منت دەوێ!
یان چەپکە گوڵ!!

# ٣٠

هەندێ جار بیر دەکەمەوە

من هەرگیز عاشقی تۆ نیم

چونکە گیانە

من هەر تۆمە

تۆش هەر منی

ئێ چۆن دەبێ

مرۆڤ عاشقی خۆی ببیت؟!

## ٣١

له رووخسارما

تارمای حەزێکی قوڵی

لێ نیشتووە

تاکو ئیستا

جگە لە تۆ

بە کەسیشم نەووتووە

# ٣٢

ئازیزەکەم

گەر تەنیایی

بە درێژایی تەمەنما

لەگەڵ من هاوڕێ نەبووایە

ئەوە ئێستا

من دەبووم بە تەنیاترین

ئادەمیزاد لەم دنیایە

## ٣٣

ئەو کاتانەی
من دەمەوێت تۆ ببینم
دڵ حەز دەکا باڵبگرێ
لە ژوورە تەنیایەکەما
بەرەو پەنجەرەی ژوورەکەت
رێگە بگرێ
ئێ خۆ گیانە, ئەگەر وابێ
پێویست دەکات
شەو و ڕۆژ بیست و چوار سەعات
لەم نێوانە لە رێگا بێت

## ٣٤

ئەو نامانەی بۆت دەنێرم

گیانە پەنجەت

بە نێو قژی ووشەکانا

دابهێنە

من دڵنیام

هەر بەیانی

بۆ تۆ دەبن

بە ناسکترین هۆنراوە

## ٣٥

ئەو ساتانەی کە دەتبینم
ئاگر لە گیانم بەردەبێ
ناتوانم لێت دوورکەوم
نەوەك دووریت بمسووتێنێ

## ٣٦

دوێنێکە شەو

لە پەنجەرەی ژوورەکەمدا

سەیری ژوورەکەی تۆم دەکرد

زۆر رووناك بوو

من نەمزانی

بەم درەنگە شەوە گیانە

چراکەت بوو

یان تۆش دەسووتای وەکو من

# ٣٧

ئازیزەکەم

ئەگەر بێتوو

من و تۆ لەتەك یەکا بین

بڕوابکە

گشت دۆزەخەکانی دنیا

بۆمان دەبێ

بە جەنەتەکەی فیردەوسا

## ٣٨

نازەنینم

دوێنێ لە نێو باخچەی گشتی

بە تەنیایی

پیاسەم دەکرد

دیار بوو گەڵای درەختەکان

لە ئەحوالیان دەپرسی

## ٣٩

هەموو شەوێ
لەکاتی گەڕانەوەما
لەگەڵ خۆمان دێمە دوان
دەڵێم ئاخۆ دەبێ ئێستا
تۆ لە کوێ بیت
هەر وەکو من ڕەنجەڕۆی
یاخود دەژیت بە دڵشادی

٤٠

ئازیزەکەم

دەمی خەڵك

بە هەرزەکارێکی بەد فەر

ناوم دەبەن

ئەیْ گیانەکەم

تەنیا من نا

تا پەنجەرەی ژوورەکەشم

بێزارە لە

مراقەبەی چاوی خەڵك

## ٤١

خۆشەویستم

ئەو دەمانەی کە لێت دوورم

پڕ بە دڵی خۆم دەگریم

دەڵێم ئاخۆ

دەبێ ئێستا

تۆ لە کوێ بیت

باڵندەکی ئارام گرتووی

یان بەشوێنمنا دەگەڕیت

## ٤٢

هاوڕێیانم پێم دەڵێن کە
گەورە بوون لە رووخسارما
بەدی ناکەن
ئەیٚ گیانەکەم
من بەس ئەو ساتانە زیندووم
کە بە دیداری تۆ شادم

## ٤٣

لە کتێبی خۆشەویستی

خوێندمەوە

ژین بێ عشق

وڵاتێکی

بێ کیشووەر و بێ ئاڵایە

٤٤

دوێنێ تاکو درەنگی شەو

دوور لە پەنجەرەی ژوورەکەت

راوەستا بووم

کە خەبەریشم بووەوە

هەڵاتبوو

گزنگی خۆر

# ٤٥

گیانە ئێستا
لەم شەوە باراناویەدا
پڕ بەدڵی خۆم حەز دەکەم
ئەم هەورەیە هەڵمگرێ
دڵۆپ
دڵۆپ
بەرامبەر پەنجەرەکەی تۆ
بمبارێنێ

## ٤٦

زۆر دەمێکە

ئێمە عشقی

پەنجەرەی ژوورەکەی یەکین

من دڵنیام

ئازیزەکەم

جگە لە کەسێکی عاشق

کەسێ نیە

لەم فەلسەفەیە بگاتن

## ٤٧

روحم چەشنی دەروێشێکە
هەر کاتێ کە لێی غافل بم
لە قالبی من دەردەچێ
ڕووەو خەڵوەتگای عشقی تۆ
هەنگاو دەنێ

## ٤٨

لە بەد بەختی خۆم بێزارم
چەند ڕۆژی چی؟!!
چەند ساڵێکە
هەواڵێکی تۆ نازانم

٤٩

نازەنینم

گەر راست دەکەی

تۆ عاشقی

پڕ بە دڵ منت خۆشدەوێ

دەپێم بڵێ

گیانە, زەنگێك

چ قورساییەکی تیایە

بۆم لێنادەی

## ٥٠

لەو ڕۆژەوەی من تۆم دیوە
عشقێکی شێت
لێ ی تاڵ کردووم
هەموو ژیان

# ٥١

من عاشقێکی سەر شێتم

خۆ من بەس عاشقی تۆ نیم

عاشقی ئەو ڕێڕەوەشم

کە گیانە تۆ پیا دەڕۆی

# ٥٢

ئەو شەوانەی
کە تەنیایی دامدەپۆشێ
فرمێسك لە چاوانمدا
دەبارێنی
دەڵێم ئاخۆ
دەبێ رۆژێ وا رێکەوی
بە باوەشی یەکا شادبین

# ٥٣

دوێنێ سەیری
پەڕاوی یادگاریەکانی خۆمم دەکرد
لە شوێنێکا خوێندمەوە
ئالەم ڕۆژەو
لەم کاتەدا
بۆ یەکەم جار
چاوم شاد بوو بە دیداری
جوانترین کارمامزی
ئەو ناوچەیە

## ٥٤

زۆر دەمێکە

وەك نەمامێ

لە رەخ پەنجەرەی ژوورەکەی تۆ رووا‌وم

چاوەڕوانی

روناکی و تیشکی هەتاوم

## ٥٥

ئەو ساتانەی بیرت دەکەم

لە پەنجەرەی ژوورەکەما

سەیری پەنجەرەی ژوورەکەی

تۆوە دەکەم

بە دەست خۆم نیە گیانەکەم

ئەو گڕکانەی لە ناخمە

گڕ بەردەدات

لە گشت جەستەم

## ٥٦

گەرەکمە

بهێمە لات

کە پێت بڵێم

تۆم خۆشدەوی

بە دڵ

بە گیان

# ٥٧

ئازیزەکەم

چۆن دەبێ هێندە بێدەنگ بی

وابزانم بیرت چووە

کەسێك هەیە

تۆی خۆشدەوێ

## ٥٨

ئازیزەکەم
کاتیٚ لە رووخساری منا
نەرمە خەندەیەك دەبینی
وا تیٚنگەی کە دڵشادم
وەرە کەمیٚك لیٚم نزیك بە
جا دەبینی
فرمیٚسکە قەتیس ماوەکان
لە چاوانم

## ٥٩

نازەنینم
من حەز دەکەم
هەموو شەوێ بەر لە نووستن
لە پەنجەرەی ژوورەکەتا
نیگای جوانی تۆ ببینم
تا پێت بڵێم
پڕ بە دڵ تۆم خۆشدەوێت

## ٦٠

زۆر دەمێکە ئازیزەکەم
چاوەڕوانی بینینی تۆم
بەڵام گوڵێ
ئەم دڵ رەقیەت بەس نیە؟
خۆ تۆ گیانە
سەد ئەوەندەی تر دڵ رەق بی
بێجگە لە تۆ
من کەسێکی تر شك نابەم
خۆشمبوویت

## ٦١

لەم شەوە بەفر بارانە

پەنجەرەی ژوورەکەم بۆ تۆ

واڵا دەکەم

بەڵکو گیانە

هەر ئێستاکە

وەك کۆترێ باڵبگری و

بێیتە ژوورە تەنیایەکەم

## ٦٢

لەم زستانە سەهۆڵ بەندە
گەر گیانەکەم
تۆ دڵتەنگ بووی
وەرە بۆ لام
دادەپۆشم
بە هەناسەی گەرمی ناخم

## ٦٣

نازەنینم
گەر دەرگایان
لەسەر ژوورەکانی ئێمە
دانەخستبا
ئێستانێکە
چ مەجبوور بووین
لە پەنجەرەی ژوورەکانمان
راز و نیاز ئاڵوگۆڕ کەین

## ٦٤

گیانە ڕۆژێ
تەنیا بۆ تۆ
دەرگای گلێنەی چاوانم
والا دەکەم
تا لە چاوانی منەوە
خۆت ببینی
بزانی کە
تۆ لە لای من چەند شیرینی

## ٦٥

دوێنێ گیانە

بە منت ووت

لە نێوان من و روحت دا

کامەیانت خۆشتر دەوێ

منیش ووتم

روحم لە تۆ خۆشتر دەوێ

تۆ تووڕە بوویت و جێتهێشتم

بەر لەوەی کە تۆ بزانی

ئازیزەکەم تۆ روحمی

٦٦

ئەو ژوورە تەنیایەی من

روح لە جەستەم دەردەهێنێ

بێزارم لێ ی

بەڵام هەرگیز

ناتوانم جێیبهێلم

چونکە گیانە

لە پەنجەرەی ژوورەکەما

مەنزلگاکەی تۆ دەبینم

# ٦٧

هەموو شەوێ

لە نێو دەریای خەیاڵما

شەپۆڵی عشقی پاکی تۆ

وونم دەکا

نازەنینم

وەرە هانام

من بەرگەی ئەو عشقە مەزنەی

تۆ ناگرم

# ٦٨

شەوانە من ئاگادارم

کاتێ تۆ مۆزیك دەژەنی

من لە مۆزیك هیچ نازانم

بەڵام گیانە

روحم لەگەڵ نۆتەکانە

هێدی..

هێدی..

گڕ دەگرێ

## ٦٩

خۆشەویستم

من یاخیمە

من یاخیمە تاسەر ئێسقان

بەرامبەر بەو قانوونانەی

کە رێگرن

لە بەردەم رەورەوەی ژیان

## ٧٠

بەسە ئیتر
بەسە گریان
بەسە تەنیایی لە نێوان
چوارلای دیوار
هەرئێستاکە
پڕ بە دڵم هاوار دەکەم
تۆم خۆشدەوەێ
جا چی دەبێ گرنگ نیە
با سەراوبنیش بێ جیهان

# ٧١

ئازیزەکەم

گەورەیی عشقەکەی ئێمە

بە رقی درك نامرێ

پەیامی پاکی عیشقمان

روورەشی بۆ درك دێنێ

# ٧٢

گیانە هێندە بە سەربەستی
بە منت ووت
تۆم خۆشدەوێ
ئێستانێکە
هەموو دنیا بە گژما بێت
بۆ ساتێکیش
ناتوانم بێ تۆ بژیم

# ٧٣

ئێواران دەمی زەردەپەڕ
لە پەنجەرەی ژوورەکەما
سەیری ژوورەکەی تۆ دەکەم
دەڵێم ئاخۆ
خۆ دنیا وێران نابێ گەر
ئەو خۆرەی کە حەشاریان داوە لەم ژوورە
بۆ من هەڵێت

## ٧٤

ئازیزەکەم
عشقت بۆ من
تیشکی خۆرە
بە بێژینگی دراوەکەی
عەقلی خەڵك
چۆن دەتوانن؟!
روو رەوشەنی تۆی پێ بگرن

# ٧٥

گیانە شەوان لە خەیاڵما

لەگەڵ تۆدا

ماڵ و خانووی ئایندەمان

دروست دەکەین

بەڵام کاتێ

سەیری چاوانی تۆ دەکەم

هیوا و ئاوات

حەز و خولیام

لە چاوانی تۆ دەبینم

٧٦

پیرۆزترین شوێن لە لای من
دڵی خۆمە
چونکە گیانە
بەس تەنها تۆ لە ناو دڵمای

# ٧٧

گیانە بەسە

ئەم دووریەت دەمسووتێنێ

دەتۆ وەرە

سەیری رەنگی زەردی من کە

ئێ خۆ مردم!

من چی بکەم؟!

ئەوەی لە ناخی مندایە

بۆم ناکرێ, بۆت بخەمە

سەر وەرەقە

## ٧٨

خۆشەویستم

من دەمزانی کە قەدەرمان

ڕێگە نادا

بە یەك بگەین

بەڵام هەرگیز

نەمدەزانی

چارەنووسمان وا بە زوویی

بەم ڕۆژگارە ڕەشە دەگا

# ٧٩

خۆشەویستم

ماوەیەکە پەرێشانم

ئەستەم بووە کە بتوانم

لەمە زیاتر

لە دووریتا

ئارام بگرم

٨٠

له پەنجەرەی ژوورەکەما
سەیری ئاسمانی شین دەکەم
فرمێسك له چاوانم دا
دەبارێنم
من نازانم ئەی خودایه
بۆ پەیوەستی ئێره بوویمه؟!
ناتوانم جێیبهێلم

# ٨١

زۆر دەترسم

ئازیزەکەم

رۆژی دابێ

لە بیرم کەی

منیش هەرگیز ناتوانم

لە بیرت کەم

# ٨٢

هەناسەکەم

من دڵنیام ڕۆژی دادێ

لە دووری تۆ

من دەمرم

چونکە گیانە زۆر مەحاڵە

مرۆڤ بێ هەناسە بژی

## ٨٣

ئازیزەکەم
تۆ سەیر کە
کات و ژیان
گوزەر دەکەن
منیش تاوەکو ئێستاکە
چاوەڕوانی دیدەنی تۆم

٨٤

ئازیزەکەم
بێ هێز... لەرزۆك
وا کەوتووم و
لە ژووره تەنیایەکەی خۆم
چاوەڕێمە
کەی دێیتە لام؟
فرمێسکی چاوانم بسڕی

# ٨٥

خۆزگە من تۆم نەدیبایە

خۆزگە من تۆم نەناسیایە

چونکە گیانە لەو رۆژەوەی

من تۆم دیوە

تۆم ناسیووە

عشقت چەشنی ئاگرێکە

سەرتاپای دڵی گرتوومە

# ٨٦

من ووتوومه

دەرگای دڵی من واڵایه

بۆ چرپـه و رازی دڵی ئەو

شۆخەی کەوا

وێنەی ئەو لە نێو دڵمایه

# ٨٧

خۆشەویستم

من حەز دەکەم

ڕۆژێ بۆ تۆ بسەلمێنم

کە بەقەد ئەندازەی گەردوون

تۆم خۆشدەوێت

٨٨

ئازیزەکەم

با والّا کەین

پەنجەرەی ژوورەکانمان

تا سۆزی نامەکانی من

لەگەڵ نۆتەی مۆزیکی تۆ

لە شوێن ئێمە

ئاوێتەی ئامێزی یەکبن

## ٨٩

خۆشەویستم

من لە پەنجەرەی ژوورەکەم

سەیری ژوورەکەی تۆ دەکەم

دەتۆ وەرە

سەیری من کە

لە شوێن ئەشکا

خوێن دەبارێ لە چاوانم

٩٠

ئازیزەکەم
من عاشقی چاوی خۆمم
چونکە گیانە لە چاوانم
جوانی نیگای تۆ دەبینم

## ٩١

تاريكايى..

ژووره تەنياكەى من گيانە

وا خەريكە كوێرم دەكا

ئەى خودايە

دەبێ رۆژى ؟!

نورى خۆشەويستەكەى خۆم

چاوانى من رۆشن بكا

## ٩٢

ئازیزەکەم
بڕوابکە پڕ بە دڵم
تۆم خۆشدەوێ
لە چاوەڕوانی تۆ گیانە
ڕۆژ و مانگ و ساڵ دەژمێرم

# ٩٣

زۆر دەمێکە ئازیزەکەم

سیمای لاویم

دڵی تەڕم

لەناو بوخچەیەك پێچاوە

بڕوابکە ئەی روحەکەم

بۆ تۆ نەبێ

بۆ هیچ کەسێ نایکەمەوە

## ٩٤

خۆشەویستم
لەم دنیایە
یان لە دنیایەکەی ترا
هەموو سپێدەیەکی زوو
لە سەر گردێ رادەوەستم
تا هەڵدێ بۆم
تیشکی سیمای جوانەکەی تۆ

## ٩٥

ئازیزەکەم

ماوەیەکە لە دووری تۆ

هەراسانم

نازانم نا !

ئەو قەدەرە یەخەی گرتووم

بۆ کوێم دەبا

## ٩٦

گیانەکەی من

بڕوابکە ئێستانێکە

زۆر دەترسم

چۆن نەترسم!

وا دەبینم چارەنووسی

ئەو عشقە پاکەیەی ئێمە

کەوتۆتە نێو دەستی قەدەر

# ٩٧

خۆشەویستم

ئێستانێکە

دواساتەکانی تەمەنمە

رێگەم بدە

با من گیانە

بۆ دواین جار بە تۆ بڵێم

پڕ بە دڵم

تۆم خۆشدەوێ

## ٩٨

ئازیزەکەم

ڕەنگی زەردم

وێنەی پایزێکی سەختی

هەڵگرتووە

پایزی ئەم ساڵە گیانە

مەرگی منی

لە باوەشی خۆی گرتووە

## ٩٩

گیانەکەی من

ئەوە دواین نامەی منە

بۆت دەنێرم

لە دوای منا

بە پەنجەرەی ژوورەکەتا

هەڵیواسە

ئەمرۆکە دوای

چاوەڕوانیەکی زۆرا

دڵە گەورەکەی ئــــــارام

لە لێدان کەوت

انا للّٰه وانا الیە راجعون

## ئارام یاسین

- قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردیە.
- هەڵگری بروانامەی بەکالۆریۆسە لە زانستی کۆمپیوتەر، کۆلێژی زانست، بەشی زانستی کۆمپیوتەر، زانکۆی دهۆك، ساڵی ٢٠٠٥.
- هەڵگری بروانامەی دبلۆمی باڵایە لە " Public Policy and Management " لە زانکۆی KDI لە وولاتی کۆریای باشوور، ساڵی ٢٠٠٧.
- لە ساڵی ١٩٩٩ وە شیعرەکانی لە رۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەرە ئەلکترۆنیەکان بڵاودەکاتەوە.
- Email : aram_yaseen@yahoo.com

## بڵاوكراوەكانی شاعیر

١. ئەشكەكانم بوون بە گژلووك, شیعر, دهۆك ١٩٩٩ – ٢٠٠٤

٢. سەمفۆنیای مردن, چامە شیعر, دهۆك, ٢٠٠٤

٣. نەفرەت لەو ساتانە دەكەم, شیعر, هەولێر ٢٠٠٤ – ٢٠٠٦

٤. سارانگ هێیۆ, شیعر, كۆریای باشوور ٢٠٠٦ – ٢٠٠٧

٥. گەشتێك بۆ نیشتیمانی كۆری, كتاب , كۆریای باشوور , ٢٠٠٧

٦. شاعیرە ناودارەكانی كۆریا, كتاب ,كۆریای باشوور ٢٠٠٧

٧. لە پەنجەرەی ژوورەكەما, ٢٠٠٩

## ڕێز و سوپاس

پڕ بە دڵم سوپاسی ئەو هاورێ بەرێزانەم دەكەم كە هاوكاری زۆریان كردووم, سوپاس بۆ ئەرك و ماندوو بوونیان.

- صفوان مولود حسین
- شهرام دەسكو